کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 21:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دانیشتنی " شرم الشیخ" و یاری کتک ومشکی ئێران و ئامریکا! ... مەنسوور عەزیزی

ڕۆژی دووشەممۆ، ڕێکەوتی23 ی ئاپریلی 2007 ی زایینی" کۆندالیزا رایس"، وەزیری دەرەوەی ئامریکا، لە وتووێژێکیدا، لەگەڵ ڕۆژنامەی " فایننشاڵ تایمزی چاپی لەندەن"، لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری ئێران لە کۆبوونەوەی " شرم الشیخ"، ئاوا دەڵێت: ئێران نابێت ئەم دەرفەتە لە دەست بدات!



ئەم رستەیە دەتوانێت هێمایەکی روون بێت بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەک هەر لە مەڕ چەکی ناوەکی و پیتاندنی یورانیۆم، ئێرانی خستۆتە ژێر گووشار، بگرە لە لایەکی دیکەوە دەیەوێت، لە مەڕ کێشەی عێراق و ناوچەکەش، بیخەنە نێوبازنەیەکی دیکەوە کە ئەو بازنەیە ئەمجارەیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ئێران تەنگ بکرێتەوە! تا هەنووکە بەو شێوەیە کە پێویستە تەنگکردنەوەی بازنەی چالاکییە سیاسی_ سەربازییەکانی ئێران، لە ناوچەکەدا، نەخراوەتە بەر وردبینییەکی ورد و هەر ئەوەش بووتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو ڕژێمە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی پڕچەکتر بکات و بیەوێت ببێ بە تاکە هێزی ناوچەکە و ڕۆژئاوا لە گەڵیدا بکەونە ساتوسەودا و گوێی بۆ بگرن!

پاش 18 ساڵ نهێنیکاری بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، ئەوڕۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی کێشەیەک بووە کە نازانێت چۆن خۆی لە دەستی قووتار بکات. واتە: وازهێنانی ڕژێم لە پیتاندنی یورانیۆم، بەرەو خوارەوە دابەزینی سیاسەتەکانی ئەوانە لە داهاتوودا و هەروەها وردە وردە گۆڕانێکە کە تووشیان دەکەن و ناچارن بۆ زۆر شتی دیکە مل کەج بکەن و دەستی وازهێنان بەرز بکەنەوە! لە هەمانکاتدا، وازنەهێنانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاکامەکەی دەبێتە هەرچی زیاتربوونی گووشارە نێو دەوڵەتییەکان بۆ سەر ڕژێم و کە ئەویش بە هەمانشێوە، تا دێت و زەخت لەسەر بواری ئابووری وڵات و سیاسەتی نێوخۆ و کۆمەڵگای ئێرانی دادەنێت و لە کۆتاییدا بەربەرەکانێیەکی توندی کۆمەڵگای ئێرانییە لە گەڵ ئەو ڕژێمەدا لە لایەک و لە لایەکی دیکەش ئەگەری هێرشی سەربازییە بۆ سەر بنکە ناوەکییەکانی ئێران. ئەو چەند دێڕەی سەرەوە، تا ئەندازەیەک چوونەتە خانەی بوونەوە و ئەوەی کە ماوەتەوە، گەمەیەکی دیکەیە کە ئێران ناچارە بچێتە نێویەوە! بەو مانایە کە گەر بیەوێت نەچێت، هەروەک چوو حیسابی لەسەر دەکرێت و گەر بشچێتە نێو ئەو گەمەیەوە، زیاتر تووشی گرفت دەبێت. ئەم باسەیان زیاتر باسێکە لە مەڕ ناوچەکە، واتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دروستکردنی جەمسەرێکی هەڵوێستداری دیارە لە دژی ڕژێمی ئێران بۆ داهاتووی ئەو دوو تەوەرە، واتە چەکی ناوەکی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە. بە پێی ئەو بەڵگانەی کە دەست کەوتوون، ئێران، هۆکاری هەرەسەرەکی کێشە و جەنگ و کارە ڕەشەکوژییەکانی نێو وڵاتی عێراقە و ئێستا ئیدی تا ئەندازەیەک سەلمێنراوە کە ئێران هاوکاری گوروپە توندڕەوە " شیعە" و " سنە" کان دەکات بۆ قوڵترکردنەوەی کێشەکانی نێو عێراق. ئەوەش لە مێژە سەلمێنراوە کە ئێران هێزی سەرەکی پشتیوانی لە " حزب اللە" ی لوبنانییە و کۆڵەکەی هەرەبنەڕەتیی " حماس"ە لە " فلسگین" و... هتد!

سەردانی ماوەیەک لەوەوپێشی " کۆندالیزا رایس" بۆ وڵاتانی عەرەبی و هەروەها گەشتەکەی " تۆنی بلێر" سەرۆک وەزیرانی بریتانیا هەر بۆ ناوچەکە و دیداری لە چەند وڵاتی عەرەبی، کۆمەڵێک باسیان لە خۆیاندا نیشاندا کە بە ڕوونی دیاربوو گەڕان بە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وڵاتانی عەرەبی بوو بۆ پشتیوانی لە هەر شێوە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئێران لە داهاتوودا. هەروەها سەردانی " گیتس" وەزیری بەرگری ئامریکا بۆ ناوچەکە و سەردانی بۆ وڵاتی ڕووسیە و دیدار لەگەڵ" پوتین" سەرۆک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەزیرانی ئەم وڵاتە، بێ هۆ نییە و بێگومان پێوەندی بە ئێران و بەرنامەکانی ئێرانەوە هەیە لە ناوچەکە. ئەو سیستەمە دژە موشەکییەی کە وابڕیارە لە ئورووپا دابنرێت و رووسیا دژیەتی، بەو پێیەی کە تا ئێستا باسی لەسەر کراوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیە لە بەرانبەر هەرشێوە هێرشێکی مووشەکی ئێران دژ بە ئوروپا و ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەتوانێت، خاڵێکی دیکە بێت کەڕۆژئاوا ـبە تایبەت_ ئامریکا، پۆینی لە بەرانبەر رووسیەدا پێ بەدەست بێنن!

بێگومان پرسیاری دانەرانی ئەو سیستەمە دژە مووشەکییە لە روسیە ئەوە دەبێت کە ئایا زامنی روسیە چییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئێران هێرشی مووشەکی نەکاتە سەریان؟

وەڵام دەبێت یان دۆزینەوەی میکانیزم بێت لە لایەن روسیە بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتانە روبەڕووی هێرشی مووشەکی ئێران نەبنەوە لە داهاتوودا، یان ملکەچکردنی رووسیەیە لە بۆ ئەو بەرنامەیە و زۆر بڕیار و خاڵی دیکە لەسەر ئێران. لە لایەک کۆبوونەوەی " شرم الشیخ" بەڕێوەیە و لە لایەکی دیکەش سەردانی وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ ناوچەکە و روسیە، بەردەوامە!

لە دانیشتنی دوو ڕۆژەی " شرم الشیخ" دا، لە ڕۆژەکانی سێهەم و چوارەمی مانگی مەیدا، وا بڕیارە کە هەرپێنج لاتەکەی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئاڵمان، وڵاتانی دراوسێی عێراق و ژاپۆن و کانادا بەشدار دەبن و ئەم شێوە کۆبوونەوەیەش لە چەند لاوە جیاوازە لەگەڵ کۆبوونەوەکەی بەغدا. یەکەم ئەوەی لە وڵاتی "میسر" بەڕێوە دەچێت کە لە زۆر بواردا زۆر لە مێژە لەگەڵ ئێراندا ناتەبان.

دووەم ئەوەی کە ئەو کۆبوونەوەیە بەوشێوەیە، زیاتر نفووز و دەسەڵاتی وڵاتانی " سنە" مەزهەب بەخۆیەوە دەبینێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەک پەرەگرتنێکی سیاسیە دژی ڕژێمی ئێران و سێهەم ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەڵێک بڕیار لەو کۆبوونەوەیە دەربچێت و پێویست بە جێبەجێکردن بکات و ئەوەش گەر روو بدات، بێگومان بە قازانجی ئێران نابێت!

ئەوەی کە تا ئێستا روونە، بێئاگایی ئێرانە لە نێوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە و هەر ئەو بێئاگابوونەشی لە نێوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیە وا دەکات کە ئێران شەک وەبەر خۆی بدات و هەست بەوە بکات ئاکامەکەی بە زیانیەتی. هەر ئەو شەکداربوونەی ئێرانە کە دەوڵەتی عێراقی ناچار کردووە، وەزیری دەرەوەی خۆی بنێرێتە تاران و لەگەڵ ئێراندا دانوستانی هەبێت بۆ داواکردن لە ئێران بۆ بەشداریی لەو کۆبوونەوەیە.

لە ئاکامدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەشدارنەبوونی ئێران لەو کۆبوونەوەیە، نابێتە هۆی ئەوەی کە باسەکان لە سەر ئێران و لە ئێران دوور بن و هەروەها بەشداریکردنیشی لەو کۆبوونەوەیە، هەر بە هەمانشێوە ناتوانێت باسەکان لە سەر ئێران و کارە نەرێنییەکانی ئێران لە عێراق کەم بکاتەوە و ئاکامەکەشی، بە بەشداریکردن یان نەکردنی ئێران، پێکهێنانی جەمسەرێکی دیکەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە لە دژی ڕژێمی ئێران و ئەو سیاسەتە نەرێنییانەی کە لە ناوچەکە و جیهان بەگشتی و وڵاتی عێراق بەتایبەتی، هەیەتی!

مەنسوور عەزیزی
24. 04. 2007 ی زایینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.